## بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان

**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ٩**
**رۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بـڕیـــار "

پشت بەودەسەڵاتەی کەبەپێی بڕگە ( ٣ ) ی مـاددە ( ٢ ) لـە یاسـای ژمـارە (١٠ ) ی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایـەی کـە ئەنجوومـەنی نیشتیمانیی کوردسـتانی عێراق لـە دانیشتنی رۆژی ١٩/٤/٢٠٠٠یدا یاساکاری کردووە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا ٠

## یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )
## یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەکـەم :**

ماددەی نۆیەم لەیاساکەدا هەموار بکرێ ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە :

١) دەسـتەی گـشتی لـە هـەموو ئەنـدامانی سـەندیکا ، یابریکارەکـان ، کەبـەپێی ئـەم یاسـایە ئیلتیزاماتی خۆیـان بـەجێهێناوە پێکدێت ٠ ئـەم دەسـتە گشتیەش بـە بـاڵاترین دەسـەڵاتی سـەندیکاکە دادەنـرێ و ، هـەر ٣(سـێ) سـاڵیش ، جـارێ ، لـەمانگی کـانوونی دووەمـدا ، کۆبوونەوەی گشتیی ئاسایی خـۆی لـە بارەگـای سـەندیکاکەدا بـە بڕیـارێکی ئەنجوومـەن و لەسـەر داواکردنـی سـەرۆکی سـەندیکا ( نـەقیب ) دەگێڕێـو ، لەوکۆبوونەوەیـەدا سـەرۆکی سەندیکاو هەشت ئەنـدام و دوو ئەنـدامی یـەدەگیش بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجومـەن وئەنـدامانی لیژنەی ( ئینزیبات ) هەڵدەبژێرێو ، ( نصاب ) یـش بـەئامادەبوونی دوولـە سـێی ئەنـدامانی دەستەی گشتی یا بریکارەکان ، دێتە جێ و ، ئەگەر نەشهاتەجێ ، ئەوا ، لـەوبارەدا ، دوای تێپـەڕبوونی پـازدەرۆژ بەسـەرکۆبوونەوەی یەکەمـدا ، هەڵبـژاردن لەهـەمان کـات و جێگـەدا ئەنجام دەدرێ و (نصاب) یش بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەنـدامان یـا بریکـاران بـەجێ دێـو بەتەواو دادەنرێ ، دەنا ، ئەگەر وانەبێ، ئەوا،ئەنجوومەن لـەم بـارەدا بـۆ خـولێکی دیکـەش لەسەر کاروفرمانی خۆی نایچڕێ و بەردەوام دەبێت ٠

٢) ئەگەر هات و ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی لە ( ٥٠٠ ) ئەندام زیاتر بوو ، ئەوا ، هەڵبژاردنەکە لە ڕێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ‌و ، ڕێژەی نواندنیش لەلایەن ئەنجوومەن یانەوەی کە فرمانی هەڵدەسوڕێنێ ، بە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاکەشەوە ، دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار ٠

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڕیار لەسەر دانییەوە دەخرێتە کارو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە ٠

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**